# ئیمزا

## ڕازی دڵی گەنجێکی خورماڵی

**دیدەوان هەورامی**

**ئایار-٢٠٠٤**

**هەندێ بارودۆخو واقیع دێنە پێشەوە کە تێیدا ڕقت لەزۆر شتو ناودەبێتەوە کە لە ئەسڵدا ئەو ناوانە یاخود شتانە بۆخۆیان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە کە بچووکترین زەرەر بەتۆ بگەیەنن، کەچی ئەو واقیعە دەیکاتە دوژمنی تۆ، دەمەوێ هاواربکەم کەمن ڕقم لەئیمزایە زۆریش، ئەوەش دەزانم کە ئەمڕۆ ڕژێمی تاغوتی بەعس نەماوەو دەسەڵاتی بەسەرچووە کاتێ وای کرد کە هەموو کورد ڕقی لەوشەی ئیمزا دەبۆوە کاتێ هەرکارێکت بویستایە ئەو وشە وەکو مۆتەکە سەر دڵی دەگرتی‌و دەبوو ئیمزا بکەی، ئەوەش کە ئەو مۆتەکەیەی لەسەر دڵی خۆی لابردووەو ئیمزای کرد وا بوو بەمایەی خەجاڵەتو ڕووڕەشی ئەمڕۆی، ئێستە ئەو ئیمزاکەرانەی سەردەمی بەعس لەبری ئەوەی لە وشەی ئیمزا بترسن ئێستا لەوشەی (فایل) ئەترسن، من تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ هەر ڕقم لەئیمزایە، ئەو وشەیەی سەری هەزارانی کرد بەخێرو خۆشیدا کەچی هەر مایەی نەگبەتی بوو بۆ من، ئەو وشەیەی کە لە ڕۆژگارێکا کەسێکی دانیشتووی هەندەرانی لێدەکرد بەبریکاری وەزارەتی هێنو لەهەمان ڕۆژدا تەقاویتیشی کرد ئەو وشەیەی بەهەزارانی کرد بەخاوەنی پارەو سەیارەو بازاڕ، کەچی لەوەتەی من هەمو دەزانم دوو هێڵی لارو لەوێریان ئیمزا هێشتا لەو وشەیەوە بەنسیب نەبووە.**

**خەڵکینە ناهەقمە منی گەنجێکی خوێندەوار دانیشتووی خورماڵ ڕقم لەئیمزا بێتەوە، لەکاتێکدا دەیان ڕەفیقی گیانی بەگیانیم ئێستا بەبۆنەی (بەڵێ قوربان) کردنێکەوە بۆ ئەو وشە نەگریسە دامەزرانو ئێستا ڕۆژانە چاوەڕوانی بڕیارێکی تازەی موچە دابەشکردنن، منو چەندانی وەكو منیش تەنیا (لەبەرئەوەی لەزمانی ئەو ئیمزایە نازانین، دەبێ بۆخۆمان بڵێن خۆزگەمان بەحکومەتو دەسەڵاتێکی عادل).**